ئەمەریکا داوا لە هاووڵاتییانی دەکات لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی بەغداوە گەشت نەکەن

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، هۆشداری دەداتە دیپلۆماتکار و هاووڵاتییانی، کە لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداوە گەشت نەکەن.

هۆشداریيەکەشی بە هۆکاری ئەمنی گەڵاندەوە و ڕایگەیاند، بەهۆی بوونی مەترسی ئەمنی داوا لە دیپلۆماتکاران و هاووڵاتییانی ئەمەریکی دەکات، لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی بەغداوە گەشت نەکەن.

ئاماژەی بەوەشکردووە، کە ئەندامانی خێزانی کارمەندانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا، دەستبەجێ عێراق جێبهێڵن.

داواشیکردووە، نزیکی ئەو ناوچانە نەکەونەوە کە لەماوەی ڕابردوودا ڕووبەڕووی هێرش بوونەتەوە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئەوەشی خستەڕوو، کە پێویستە کارمەندانی ناپێویستی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا، ئەو وڵاتە جێبهێڵن.

ئەم بڕیارەی واشنتن دوای ئەوە هات، کە ئەمڕۆ بنکەی سەربازی عەین ئەسەد لە پارێزگای ئەنبار لە ڕۆژئاوای عێراق بە سێ مووشەکی جۆری کاتیشا بەردوومانکرا.